





سەرەتا | بەشەکان | ئەرشیف | ریکلام | پەیوەندیکردن

# ئەم جارەش مام زۆرابە سپییەکەمان جێی هێشتین



ئارال کاکل




ریکلام







ئاوێنە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا






ریکلام







شیعرە وتارێک بۆ عەبدوڵا پەشێو

لە منداڵییەوە کە یەکەمجار لە قوتابخانە مامۆستاکان فێری وانەی کوردیان دەکردم، وێنەو چیرۆکی مام زۆراب لە مێشکم چەقی. لێم ببووە عەتۆتە، بەردەوام دەمهێنایە پێش چاوی خۆم "تۆ بڵێی مام زۆراب کێ بێت؟ یەختیارێکی دڵ تەڕە کە بە کۆڵاناندا دەگەڕێت و بەقاری دەکات؟ یان دێوەرەیەکی ماندییە، بڕشتی هەناسەدانی نەمایە، بە هانکەهانک گەیشتیتە گوندی و لە بن دیواری مزگەوتێ تروشکەی کردووە؟"
ئاخر لای من هەردووکیان بەخت گەورەن، یەختیار بە ئاوازی دڵگیر ژن و منداڵ لە ماڵاندا وەدەردەنێ، دکرەکی دەکات هەموو دەورەی بدەن، لە هەمووانیش مەعلانترە و چیرۆکی شاری لەبەرە. دێوەرەش لە جێی خۆی نابزوی هەتا نازدارحەیرانێک بە جامە ماستاوێکی مەڕو کوپەڵە ئاوێک فێنکایی پێدەبەخشێ، ئیدی ماندوێتیی دەشکێت و بە دوو هاواران گوندی لە خۆی خڕدەکاتەوە.
هێندەی گەورەتر دەبووم و زێتر دەفامیم، وێنەی مام زۆرابم لێدەشێواو هەندێک جاریش لەگەڵ شتی دیکە لێم تێکەڵ دەبوون.
لە منداڵی وامدەزانی ئەوەی خەڵکی لە خۆی خڕکردەوە، دەنگی خۆش بوو و پیاوەکی بە قەڵافەت بوو ئەوە مام زۆرابە، بەڵام هەر دەمگوت "ئەدی کا لۆ مێوژی نەدامێ؟"
سەد مخابن چەندی گەورەتر دەبووم ئەوەندە گومانیان ئاچوغ دەکردمەوە، پێیان دەگوتم بۆ هێندە سەیریت و نایەیتە رایێ، ئەی ئەوە مێوژ نییە بە رەهەندەی ئەو کابرایەوەیە، هەر کێش بڕوات بە بێ بەرامبەر گیرفان و دەستی لێ پڕ دەکات؟
لە هەرەتی لاویم هەر چۆنێکی تەماشای هاوکوفی خۆم دەکرد، تاک و تەرای لێدەرچێت، دەنا هەمووی ببوونە مێوژ خۆر. هەموو گیرفان و دەستیان دایم پڕ بوو.
ئەو کابرا بە قەڵافەتانە چەندین گەنجیان توشی داوی مێوژیان کرد، دەیانیش بەو دەردەوە مردن. زەمەنێکی زۆری ویست تا بینیمان مێوژیان چی بەسەر هێنایین، لە سایەی مێوژیان سکچوون ببووە خەسڵەتێکی سروشتی مرۆڤەکان، مێوژیان نیشتیمانی بە چ فەتارەتێک برد. ئەو پیاوە بە قەڵافەتانە هەموو شتێک لە بەین دەبەن، هەموو کەسێک خەسار دەکەن.
ئەوەی ڕۆژگارێك چنگی خەڵکیان پێ پڕ دەکرد، هەوکە تێدەگەم مێوژ نەبوو، پشقل بوو بە نرخی مێوژ پێیان دەبەخشین.
لە بەرامبەر ئەو لێشاوە مێوژ خۆرە بوزگوڕمان تێکنابوو، وەخت بوو بۆ مەملەکەتی مەنعی مێوژ بکەوینە ڕێ، لە ئێوارەیەکدا "مام زۆراب" بە دیار کەوت. مام زۆراب چ مام زۆراب، سپی وەکی بەفرێ، قەتارەشی پڕ لە مێوژی نایاب.
هەر بابا بوو تالوکەیان بوو بیگەنێ و چنگێک مێوژیان بەرکەوێت. بەڵام ئەو هەر خۆی بێ تروشکە کردن شار بە شار گەڕا، تا پریاسکەی هەموومانی پڕنەکردەوە لە مێوژی نایاب دانەسەکنی.
لێی دەپاڕاینەوە "مام زۆراب کەمێک پشوو بدە، با هیلاک نەبیت"، کەچی هەر بە پێکەنینەوە دەیگوت "پیاوەک پیاو بی بە میوژ بەخشینەوە ماندی نابی"
هەرچەندە لە مێوژ بارانێکی دا هاواری دەکرد "دەزانن جارێ بۆچی بە میوژ ناڵێم ماڵئاوا؟ چونکە چاوەڕێی زۆرابێك دەکەم، گفت و پەیمانی هاتنی داوە!" بەڵام لە دوا دیداری ئەو گەڕانەوەیەیدا پێی گوتین "ئیتر ناتانبینمەوە!".
وەلێ بە پەلە پروسکێ گوتم "ئەوجارە ئا، بەڵام چاوەڕێی گەڕانەوەتین" لە دڵی خۆشمدا لێکم دەدایەوە "باشە ئەگەر نەگەڕێتەوە، ئەو زۆرابەی دیکە کێیە کە گفتی داوە بێت؟ ئەگەر ئەو نەبێت کێی دیکە مام زۆرابە و قەتارەی پڕ پڕە لە مێوژی نایاب؟"
مام زۆراب ئەمڕۆ لە دەمەو ئێوارەدا، وەک تافی گەڕانەوەی، جێیهێشتین. ئێستا بێ مام زۆراب ماوینەتەوە، تەنها چنگێک مێوژم لە مستییە و نایدەم بەکەس، دەنا بێ مێوژی نایاب چۆن دەژیم!
ئەو ڕۆیشت و منیش هەر هاوارم دەکرد مام. . . زۆراب مام زۆراب. . . مەڕۆ مەڕۆ مێوژم دەوێت.
ئەم چەند دێرە بۆ خوا حافیزی کردن لە شاعیری گەورە "عەبدوڵلا پەشێو" نوسراوە
aral.kakl@gmail.com

چاپکردن

## ڕۆژی بڵاوبونەوە

16 حوزەیران